گۆبێن

# هەڵوێستی نوێ بەرەنجامی گۆڕانکارییەکانە

فەرهاد محەمەد



رۆژی سێشەممەی رابردوو جارێکی دیکە سەرۆک بوش دووپاتی کردەوە کە یارمەتی ئەمەریکا بۆ حکومەتی عێراق بێ سنوور نییە و بەندە بە ئاستی توانا و پابەندبوونی ئەو حکومەتە بۆ کۆنترۆڵکردنی باری ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا، جەختکردنەوەی ئیدارەی ئەمەریکی لەسەر ئەم مەرجە، پیشاندانی دواین کارتە بەرامبەر مالکی و راهێنانی گەلانی عێراقە لەسەر واقعێکی تازە، کە تا ئێستاش لای هەندێک دەستکاریکردنی شکاندنی پیرۆزی سەروەریی و یەکپارچەیی عێراقە.

بێ ئومێدبوون لە حکومەتی ئێستای عێراق، تەنیا تێڕوانینی ئیدارە و گەلی ئەمەریکا نییە، بەڵکو پێکهاتە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسی عەرەبی عێراق و ناو کۆمەڵگەی شیعە و خودی لیستی هاوبەندی عێراقی (ئیئتلافی شیعەش)ی گرتۆتەوە هەروەها کۆبوونەوەکەی یەکدوو رۆژی رابردووی بەغداش، لەگەڵ ئەوەی وەک هەموو جارێک لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکاندا رادەگەیەنرێت ئاکامەکانی ئیجابی بوون، شتێکی تازەی لێنەهاتە بەرهەم و سەرەتایەکە بۆ چەند کۆبوونەوەی دیکەی بێ ئاکام.

پێشان گرفتی سەرەکی عێراق تەنیا تەنگژەی ئەمنی و ناسەقامگیریی بەغدا و ئەنبار بوو، ئێستا نەک هەر بەغدا و ئەنبار کۆنترۆڵ نەکراون، میلیشیا و یاخیبووان تاکتیکی رووبەڕووبوونەوەیان گۆڕیوە و هێندەی دیکە سنووری توندوتیژییان فراوانتر کردۆتەوە و لە بەرامبەریشدا نەک حکومەتی عێراق بەڵکو ستراتیژە تازەکەی ئەمەریکاش دەستەوەستانە.

بەردەوام بوون لەسەر سیاسەت و تاکتیکی هەڵە و پشتبەستن بە حکومەتێک کە هیچی لێ چاوەڕوان ناکرێت، بارودۆخی عێراق بە ئاراستەیەکی ئەوتۆ خراپدا دەبات، کە پاشان ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت چارەسەر، سبەی بە مەحاڵ بخوێنرێتەوە.

ئێستا هەندێک لە چاودێران پێشنیاری ئەوە دەخەنە بەردەم ئیدارەی ئەمەریکی، بەوەی گوشار بخرێتە سەر ئیئتیلاف و، حکومەتی عێراق بگۆڕێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە گۆڕینی ئەم حکومەتە بە یەکێکی تر هیچ لە بارودۆخەکە دەگۆڕێت؟

ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێریی بارودۆخی عێراق دەکەن، گۆڕینی حکومەت یان گۆڕینی چەند وەزارەتێک لەناو حکومەت و تەنانەت دروستبوونی بەرەیەکی دیکەش بە چارەسەرێکی واقعیانە نابینن، لەبەر ئەوەی واقیعی عێراق پێویستی بە رێگەچارەیەک هەیە، کە سیاسییەکان لەودیو هۆڵە داخراوەکانەوە بیری لێ ناکەنەوە و تا ئێستاش لە دیدی هەموویاندا یەکپارچەیی عێراق وەک پیرۆزییەکان نابێ دەستکاری بکرێت.

بەڵام پێدەچێ ئەم حاڵەتە دۆگما سیاسییەی پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بە دەوریدا دەخولێنەوە و ناتوانن ئەو جوغزە تەسکە ببەزێنن، پێش ئەوەی بە جۆرێک بتەقێتەوە کە ئاسایشی هەموو ناوچەکە بخاتە مەترسییەوە، ئەمەریکا چیدیکە پشتگیری یەکپارچەیی ئەو دەوڵەتە بە زۆر دروستکراوە نەبێت کە تەنیا بە رژێمێکی هاوشێوەی سەدام حوسێن دەپارێزرێت.